ISSN: 1994-4217 (Print) 2518-5586(online)

Journal of College of Education

Available online at: https://eduj.uowasit.edu.iq

# The role of memory in the narrative of history by Mirza Mohammad Amin Manguri

**Marzia Hussein Ahmad**

**lecturer at Sharazoor College of Education/ Halabja Universitu**

**Email:** marzya.hussain@uoh.edu.iq

***Keywords:***

**Manguri , Memory, Diary , History**

CC BY

**Article info**

***Article history:***

Received 10.Sep.2025

Accepted 15.Oct.2025

Published 28.Nov.2025

ABSTRACT

This study explores memory and historical writing, focusing on the role of recollection in the historical works of Mirza Muhammad Amin al-Manguri. It sheds light on his stance toward reviving the past and on the connection between the historian's awareness, memory, and his treatment of historical events. The paper also highlights the characteristics of memorial writing in his works and discusses both the positive and negative dimensions of memory in recording history—particularly its role in conveying certain historical events inaccurately, which draws the reader's attention. Furthermore, the study points out the weaknesses of al-Manguri's historical memory and how these gaps appear through his reliance on recollection in interpreting events. It emphasizes the extent to which some of his information was influenced by the personal and social circumstances he experienced, leading to variations in his approach to recalling different historical periods.

© 2022 EDUJ, College of Education for Human Science, Wasit University

**DOI:** https://doi.org/10.31185/eduj.Vol61.Iss3.5079

# دور (الذاكرة) في رواية التاريخ عند ميرزا محمه‌مد أمين المنكوري

**م.م. مرزيية حسين احمد**

**محاضرة فى كلية التربية شهرزوور/ جامعة حلبجة**

**الملخص:**

تتناولُ هذه الدراسة الذاكرة والكتابة التاريخية ودور التذكّر في المؤلفات التاريخية لميرزا محمد أمين المنگوري، وتسلّط الضوء على موقفه من استعادة الماضي وارتباط المؤرخ بوعيه وذاكرته في تناول الأحداث التاريخية المختلفة، كما تُبرز خصائص الكتابة التذكّرية في أعماله، وتناقش الأبعاد الإيجابية والسلبية للذاكرة في تدوين التاريخ، ولا سيّما دورها في نقل بعض الوقائع التاريخية بطريقة غير دقيقة تسترعي انتباه القارئ، وتشير الدراسة كذلك إلى نقاط ضعف الذاكرة التاريخية لدى المنگوري، وكيف تظهر هذه الثغرات من خلال اعتماده على التذكّر في تفسير الأحداث، مؤكدةً على بعض

المعلومات التي تأثرت بالظروف والأحداث الشخصية والاجتماعية التي عاشها الكاتب، مما أدّى إلى تغيّر أسلوبه في استحضار المراحل التاريخية المختلفة.

**الكلمات المفتاحية:** منكوري ، الذاكرة ، مذكرات ، التاريخ.

## ڕۆڵی یادگە لە گێڕانەوەی مێژوویی لای میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی

**م.م. مەرزییە حسین ئەحمەد**
**وانەبێژ لە کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور/ زانکۆی هەڵەبجە**

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە باس لە یادگە و نووسینەوەی مێژوویی و ڕۆڵی یادەوەری لە نووسراوە مێژووییەکانی میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی دەکات، هەڵوەستە لەسەر گێڕانەوەی زارەکی و پشتبەستنی مێژوونووس بە زەین و یادەوەری خۆی لە چرکەساتە مێژووییە جیاوازەکاندا دەکاتەوە و تایبەتمەندیەکانی نووسینەوەی یادەوەری لای ئەو دەردەخات و گوزاشت دەکات لەسەر لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانی یادەوەریە مێژووییەکانی و بەتایبەتی ڕۆڵی لە گەیاندنی هەندێک ڕووداوی مێژوویی بەشێوەیەکی نادروست کە سەرنجی خوێنەر بۆلای خۆی کێشدەکات و خاڵی لاوازی گێرەوەوە مێژووییەکان لەرێگەی یادەوەریەوە لەی مەنگوڕی دەردەخات و جەخت لەسەر هەندێک زانیاری دەکاتەوە کە لەژێر کاریگەری ڕوودا و پێشهاتەکانی یادگەدا توشی شێواوی بوون لە گێڕانەوەی ڕووداوی قۆناغە مێژووییە جیاوازەکاندا.

کلیلە وشەکان: (مەنگوڕی، یادگە، یادەوەری، مێژوو)

**پێشەکی:**

یادگە ئەو کۆگا ئیلهام بەخشەیە هەمیشە بۆ زانین و وەبیرهاتنەوە تاکە پەناگەی مرۆڤە و سەرچاوەی وێناکردنەوەی ئەو ڕابردووە نائاساییەیە کە لە زنجیرەی ڕووداوە مێژووییەکاندا خاوەنی سەرنج خستنەسەرن و خاڵی گۆڕانکارین لە گورزەوانەی ژیانی تاک و کۆ دا، یادگە سەنگینی دەبەخشێتەوە بەو ڕابردووەی کە شیاوی دووبارە ئامادەییە لە تێگەیشتن لە پرسە ئاڵۆزەکانی ئێستا و ئاینده و لە پێناو بونیادنانەوەی مێژوویی دا بایەخی هەڵوەستە لەسەرکردنن.

بەلای مەنگوڕیەوە ئەگەرچی یادگە ڕێبەری و سەرمەشقی دەیان زانیاری نەبیستراوە کە لە پڕکردنەوەی کەلێنە مێژوویەکاندا خاوەنی بەهایەکی بەرزن و گەیاندنیان لەرێگەی وەبیرهێنانەوەوە تێگەیشتنی نوێ بۆ چرکەساتە مێژووییەکان دروست دەکات، بەڵام زەینی ئەوی لەگەیاندنی زانیاریە بە مەبەسگیراوەکاندا لەهەندێک گێڕانەوەدا بەلارێدا بردووە کە گومان لە دروستی گێڕانەوە مێژوویەکانی دروست دەکات و ڕوایەتی یادەوەریەکەی دەخاتە مەترسیەوە کە تێپەڕینی کات و گۆڕانکاریەکانی قۆناغەکە ڕۆڵی گرنگی تێدا دەگێڕن.

**گرنگی ئەم توێژینەوەیە** لەوەدایە سەرنجی خستوەتە سەر گێڕانەوەی مێژوویی و ڕۆڵی یادەوەری لە گێڕانەوەی مێژووییدا لای میرزا مەنگوڕی و هەوڵی دەرخستی تایبەتمەندی و یادگەی لە وەبیرهێنانەوەی زانینی مێژوویی لە چەند قۆناغێکی مێژوویی دەدات.

**ئامانجی توێژینەوەکە،** ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە شیکاری بۆ یادگە و ڕۆڵی یادەوەری بۆ نوسراوە مێژووییەکانی میرزا مەنگوڕی بکات و هەوڵی دەرخستنی خاڵە ئەرێنی و نەرێنییەکان و تایبەتمەندیەکانی یادگەی مەنگوڕی بدات.

**پرسیاری توێژینەوەکە،** ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەوە بداتەوە ئایا یادەوەریەکانی مەنگوڕی خاوەنی بایەخی مێژوویین بۆ ئەو قۆناغە مێژوویانەی لەسەری نووسیوون؟ ئایا یادگە لای مەنگوڕی توانیویەتی لە وەبیرهێنانەوەی ڕاستیە مێژووییەکاندا سەرکەوتوبێت؟ ئایا ئەو هەڵە مێژوویانەی لەناو یادەوەریەکانی مەنگوڕیدا هەن زادەی یادگەی مەنگوڕین یان پەیوەندی بەهۆکاری ترەوە هەیە؟.

**میتۆدی توێژینەوەکە،** لە نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا بۆ پشت بە میتۆدی پەسنی شیکاری بەستراوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە،** ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە دووباس، باسی یەکەم بریتیە لە مێژووی یادەوەری و یادەوەری و تایبەتمەندیەکانی لای مەنگوڕی کە لە سێ خاڵدا سەرنج خراوەتە مێژووی یادەوەری و یادەوەری و خاسیەت و تایبەتمەندیەکانی یادەوەری لای مەنگوڕی، باسی دووەم پێکهاتووە لە یادگە هۆکارێک بۆ هەڵەی مێژوویی و هەڵەی مێژووی لای مەنگوڕی کە دابەش کراوە بۆ دوخاڵ یە خاڵی یەکەمدا بە کورتی باسی هەڵەی تۆماری ڕووداوە مێژوویەکان و و یادگەی مەنگوڕی و لە خاڵی دووەمدا سەرنج خراوەتەسەر نمونەیەک لەو هەڵانەی زادەی یادگەی مەنگوڕین و ئاماژە بەچەند نمونەیەک کراوە لە مێژوویی پارتی هیوا و کۆماری کوردستان و شۆڕشی ئەیلول و مێژووعێراق و جیهان.

## باسی یەکەم : مێژووی یادەوەری و یادەوەری و تایبەتمەندیەکانی لای مەنگوڕی

### ١-١: مێژووی یادەوەری

یادەوەری یان بیرەوەری مێژوویی ئەو چەمکەیە کە دەتوانێت زانیاری ورد لەسەر ڕووداوە مێژووییەکان ببەخشێت تاوەکو نووسینی مێژوویی بتوانێت بەڕاستی ڕەنگدەرەوەی ڕابردووبێت(tarwiyani ،٢٠١٨:١٩٧)، یادەوەری ئەو کۆمەڵە وێنەیەیە لە تێگەیشتن و خەیاڵ و وشیاری و ناگایی مرۆڤدا جێگیر دەبن، نەریتی گێرانەوەی یادەوەری بریتیە لە وەبیرهێنانەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو لە ساتەوەختی ئێستادا (کوثرانی، ٢٠١٣: ٣٦. ٣٧)، کە بە یادەوەری مێژوویی یان یادەوەری کۆمەڵ یان کۆمەڵایەتی ناسراوە، یادەوەری مێژویی باس لە چیرۆکی تایبەت بەسەردەم و قۆناغێکی دیاریکراو دەکات کە ڕووداوە مێژووییەکانی تێدا دروست دەبن، دەکرێت یادەوەری جۆراوجۆربێت وەک یادەوەری بنەماڵەیی و ئاینی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی، بەدیدگا و بۆچونی جیاواز لەباری لایەنداریەوە بگێردرێتەوە، بایەخی یادەوری مێژوویی لەوەدایە دەرگا بەڕووی مرۆڤدا واڵا دەکات بۆ ئاشنابوون بە چرکەساتە مێژوویەکان و بەرچاو ڕوونی هەنوکەیی پێدەبەخشێت، دەرفەتی تێگەیشتن بە هەموو ئەو زانیاریانەی لەسەری هەن لە چوارچێوەی ڕابردوودا بۆ دابین دەکات، گرنگی ڕووداوە مێژووییەکان بەپێی تێگەیشتن لە قۆناغ و سەردەمە مێژووییەکە هەڵدەسەنگێنێت ( Harrison، Savannah،٢٠١٣)

گرنگیدان بە بایەخی یادەوەری بەوەی ڕۆڵی گەورە لە گەیاندنی زانینی مێژوویدا دەگێرێت لە زانستە مەعریفی و کۆمەڵایەتیەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم، کە ڕۆڵی نوسینی یادەوەری لە ئاشکراکردن و گێرانەوەی ڕووداوە مێژوویەکاندا خرایەڕوو، شیکاری بۆ ئەو جۆرەی نووسراوە مێژووییەکان کرا کە لە شێوازی یارەوەریدان، ڕەگ و ڕیشەی ئەو نووسراوە مێژوویانەش کۆنە و لە بەرهەمی کەسایەتییە مێژووییەکانی وەک (سوکرات)ەوە دەستپێدەکات، تاوەکو (پول ڕیکۆر) و مێژوونووسە نەتەوەییەکانی سەدەی نۆزدە (١: Pyndiah:٢٠١٦ ). بەڵام بەشێوەیەکی چڕ لە بیستەکانی

سەدەی ڕابردوودا یادەوەری بایەخی لەنێو توێژینەوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتوریەکاندا پەیداکرد، کە پێشتر لەناو کایە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکاندا ئەو ڕۆڵە گرنگەی پێنەدرابوو (149: Ross Poole, 2008).

یادەوەری یەکێکە لەو سەرچاوانەی مەعریفە بە مرۆڤ دەبەخشێت، بیرۆکە و وێنەکان لە مێشکی ئادەمیزاد دەبنە ئامراز بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو(١٩٧ :٢٠١٨،tarwiyani,)، مێژووی سودوەرگرتن لە یادەوەری بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە و لەهەر قۆناغێکدا هەڵگری تایبەتمەندیەکانی سەردەمەکەی بووە، لە یۆنانی کۆندا بەپێی سیستمێکی بنەڕەتی پەرەیان بە ڕۆڵی یادەوەری لە گەیاندنی مەعریفەدا داوە، (ئەفلاتون) یەکێکبوو لەوانەی گرنگی ڕۆڵی یادەوەری دەدا و پێی وابوو مروڤەکان دەتوانن بۆ دەسکەوتنی زانیاری ڕابردوو بگەڕێنەوە بۆ جیهانی بیرۆکەکان، لەدوای هاتنی ئیسلام ئەم چەمکە بایەخێکی گەورەی هەبووە لەلایەن فەرمودەناسەکانەوە بۆ گێڕانەوەی فەرمودەکان پشتیان بەیادگە و بیرەوەی خۆیان بەستووە (٢٠٠ :٢٠١٨،tarwiyani,))، لەهەر یەکێک لەم قۆناغە مێژووییەکانەدا نوسینەوەی یادەوەری لە خزمەت چینی فەرمانڕەوا و باڵا دەستەکاندابووە، لە سەردەمی یۆنانیەکاندا زیاتر لەبەرژەوەندی دەسەڵات و بنەماڵە فەرمانڕەواکاندا بەکاردەهات بەڵام لە سەدەکانی ناوەڕاستدا زیاتر مۆرکێکی ئایینی وەرگرتووە، لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی ئیسلامدا گوزارشت بووە لە گێڕانەوەی سەروەریەکانی موسوڵمانان لە سەردەمە زێرینەکانی ئیسلام و لە سەردەمی هاوچەرخدا لە خزمەت پرسە نەتەویی و نیشتیمانیەکاندا بایەخ بەگێڕانەوەی یادەوەری دراوە (هيمة، ٢٠١٩: ٧٤)، واتە لەم قۆناغەدا گێڕانەوەی یادەوەری لە پڕکردنەوەی کەلێنی مێژوویی و نووسینی مێژووی نەتەوەییدا ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە، وەک نووسینی یادەوەری بەکۆمەڵی جولەکەکان لەسەردەمی کۆمەڵکوژی هۆلۆکۆستدا(٢: ٢٠١٦:Pyndiah ).

گرنگیدان بە یادەوەری و پەی پێبردنی وەک کەرەستەیەکی خاوی مێژوویی و پەنابردن بۆ نووسینەوەی لەناو نەتەوی کورد دا تەمەنێکی زۆری نیە دوای ساڵانێکی زۆر لە گەشەکردنی لە ئەوروپا و گواستنەوەی بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵات و بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە لەناو کورد دا بڵاوبوەتەوە، بەهاتنی سەدەی بیستەم و کاریگەری گۆڕانکاریەکانی لەسەر کوردستان و دروستبونی شۆڕشە کوردیەکان و بڵاوبونەوەی خوێندەواری نووسین و بڵاوکراوەکان بەزمانی کوردی بوون بە هەوێنی لەدایکبوونی نووسینی چەندین یادەوەری مێژوویی، واتە مێژووی سەرهەڵدانی نووسینی یادەوەری لەناو کورد دا وەک فۆڕمێکی ئەدەبی بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی بیست دەگەڕێتەوە (علی، ٢٠٢٤: ٤٣,٨٩).

**١-٢: یادەوەری لای مەنگوڕی**

میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی(١٩١٠.١٩٨٨) دەکەوێتە ناو ئەو گورزەوانە مێژووییەوە کە تێیدا یادەوەری دەکەوێتە ئەو قۆناغەی مێژووەکەیەوە کە لە خزمەت پرسی نەتەوەیدایە، بەتایبەتی لەناو سەردەمێکی ئاڵۆز و پڕ گۆڕانکاری ئەو قۆناغەدا کە سەدەی ڕابردووە، جیهان لە هەڵچونێکی بەردەوام و لەسەر ئاستێکی فراوان کەتبووە بەر بەریەککەوتنە ئایدۆلۆژیەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتیەوە و پرسی نەتەوەیی کوردیش لەناو گێژاوی ئەو شانۆیەدا لە یاریەکی مەترسیداردا مامەڵەی پێوەکراوە.

گەشتی یادەوەریەکانی مەنگوڕی هەر لە منداڵیەوە لە (قەڵادزێ)وە کە ئەو کات شارۆچکەیەکی بچوک بووە دەستپێدەکات، لەوێوە بۆ کۆیە و چوارتا و لە سلێمانیەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دیسانەوە بۆ سلێمانی و تەوێڵە و دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی (١٩٧٥) دیسانەوە چوەتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دواتر بۆ باشوری کوردستان گەڕاوەتەوە و ساڵی (١٩٨٨) لە سلێمانی کۆچی دوای کردووە.

مەنگوڕی زادەی سەردەمێکە کە شوناسی کوردبوون لەبەردەم مەترسیەکی گەورەدایە، دەرکەوتن و گەشەی وشیاری و لەدایکبونی بزوتنەوەی نەتەوەیی و دروستبونی بزوتنەوەی داگیرکاری لە ئەنجامی گۆڕانکاریە سیاسی کۆمەڵایەتیەکان لەسەر ئاستی سیاسەتی جیهانی و دواتر شکستی بزوتنەی ڕزگاری خوازی کوردی و نائومێدیە یەک لەدوای یەکەکانی و هەستی بە (خودنامۆی) گەلەکەی بە ڕابردوو و ڕەگ و ڕیشە مێژووییەکانی بردووە و لەرێگەی پەی بردن بە نووسینەوەی یادەوەریە مێژووییەکانی جیاواز لە یادەوەری ئەوانیتر هەوڵی ئاشناکردنی تاکی نەتەوەکەی بە ڕیشەی مێژوویی و هەنوکەییەکانی خۆی دەدات و لەرێگەی نووسینەوەی چیرۆکی یادەوەری بە کۆمەڵەوە کار لەسەر پێدانەوەی ناسنامەی کوردبوونی ئەو ڕووداوانە دەکات کە تۆمار نەکراون یان بەناوی گەلانی ترەوە وەک سەروەری نووسراونەتەوە وەک دەڵێت "ئەبێ کورد هەوڵبدات ڕووداوەکانی لە باخەڵی میللەتان بهێنێتە دەرەوە و بەناوی کوردەوە تۆماری بکاتەوە" (مەنگوڕی، ١٩٧١: ل١٢).

یادگەی مەنگوڕی کۆگای زانیاری وێستگە گرنگەکانی زیاتر لە شەش دەیەی ژیانی تایبەتی و کۆمەڵی بووە کە پڕ لە گۆڕانکاری و ڕووداوی بەرچاوبوون، وەک خەمخۆرێکی کایەی مێژوونووسی و بەنیگەرانیەوە ڕەخنە لە ڕۆشنبیرانی کورد دەگرێت کە بەگرنگیەوە لە تۆماری ڕووداوە مێژوویەکان ناڕوانن، ئەو کاری لە نووسینەوەی مێژووی قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی خۆی کرد و بەنووسینەوەی یادەوەریەکانی بۆشاییەکی مێژووی لەکایەی مێژوونووسی کوردی پڕکردەوە و چەندان ڕوودا و زانیاری وردی سەردەمەکەی خۆی لە ونبوون پاراست وەک (عەبدولڕەقیب یوسف) دەڵێت لەکۆی دەیان خوێندەوار و ڕۆشنبیری هاوسەردەمی مەنگوڕی کە لە چەقی ڕووداوەکاندا بوون نەیانتوانیوە لەکاتی خۆیدا یادەوەریەکانیان بنووسنەوە و پەییان بە گرنگی و نرخی ڕووداوە مێژوویەکانی سەردەمەکە نەبردووە، مەنگوڕی لەم ڕووەوە بە پێشەنگی ئەو کەسانە دادەنرێت میراتی مێژوویی و نەتەوەییان لە ونبوون پاراستووە، بەتایبەتی لە نووسینەوەی یادەوەریەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان و شۆڕشی ئەیلول کە یادەوەریەکانی شۆڕشی ئەیلولی لەکاتی خۆیدا و ڕۆژوانە نووسیوەتەوە (چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عبدوڕەقیب یوسف)، (مەحمودی مەلاعیزەت) لە پێشەکی کتێبی بەرگی سێیەمی دەوڵەتی جمهوری کوردستان، سەرباری دەستنیشانکردنی کەم و کورتییەکانی، بایەخی یادەوەریەکانی مەنگوڕی ڕوونکردووەتەوە، بەگرنگییەوە لێی دەڕوانێت و بەهایەکی مێژووی بەرزی پێدەدات، بەتایبەتی کە خۆی شاهیدی ڕووداوەکان بووە و گەلێ ڕووداوی گرنگی ئەو سەردەمەی لە ڕێگەی یادەوەریەکانیەوە پاراستووە، کە بایەخێکی مێژوویی ناوازەی هەیە، چونکە بەتەنها گێڕانەوەیەکی سیاسی نیە، بەڵکو لە هەناویدا هەڵگری تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیرییەکانی سەردەمەکەیەتی و گرنگتر لەمە بەڕاگوزەری ڕووداوەکانی تۆمار نەکردووە و بەڵکو ناکۆکیەکانی کۆمەڵی کوردەواری و دەزگاکانی کۆمار و هەندێک ڕەفتار و ڕووداوی نائاسایی ناوەندی دەستەڵاتی بەسەر کردووەتەوە و ڕووناکی خستوەتە سەر هەندێک لایەن مەگە هەر لێکۆڵەر نرخ و بەیەخیان بزانێت. هەر بەپێی قسەی (مەحمودی مەلا عیزەت) لە ڕووی بایەخی مێژووییشەوە یەکەمین کتێب لەسەر کۆماری کوردستان بەزمانی بیانی دەرچووە کتێبی کونسوڵێکی سیاسی ئەمریکی بووە لە تەبرێز بەناوی (ئیگڵتن) لە ساڵی (١٩٦٣) بڵاوی کردووەتەوە، یەکەمین کتێبیش کە بە زمانی کوردی نووسرابێت لەوبارەیەوە (کۆماری میللی مهاباد)ە، کە لە نووسینی خۆیەتی. ئەگەر یادەوەریەکانی مەنگوڕی لەکاتی خۆیا چاپ بکرایە دەبوو بەیەکەمین کتێب کە لەسەر ئەو قۆناغە مێژوویە نووسرابێت، چونکە یادەوەریەکانی مەنگوڕی لەسەر ئەم قۆناغە ساڵی (١٩٥٨) نوسراوەتەوەوە و کتێبەکەی (محمودی مەلا عیزەت) ساڵی (١٩٨٤) چاپکراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا دەست پێشخەریەکی گرنگ بووە، بۆ تۆمارکردنی ڕووداوەکانی ئەو هەلە مێژوویە.

واتە یادەوەریەکانی مەنگوڕی پەردەیان لەسەر دەیان زانیاری نەبیستراو و بایەخدار لە قۆناغە مێژووییەکانی مێژووی کورد لادا و بووبە سەرمەشقی ئاشکراکردنی چەندین وردە ڕووداوی پەی پێنەبراو کە بەشێک لەو وێنە مێژوویەی ئەو

قۆناغە پێک دەهێنن کە دەرئەنجامی دروستکردنی ڕووداوەسیاسیە گەورەکان بوون و لە گۆشەیەکی شانۆ سیاسەکەدا بینیونی و گرنگی ئەو ڕووداوە مێژووییانەی لە پانتاییە فراوانەکەیدا نرخاند، هەر لە پەسنی کەسایەتیەکان و هەڵویستە سیاسیەکانیان و خەباتی نەتەوەیی و نیشتمان پەروەری و پێکهێنانی خۆبەڕێوەبەری و ململانێی هۆزایەتی و ڕۆڵی خێڵ و عەشیرەتەکان لە پەرتەوازەیی نێو ماڵی کورد و هەوڵە دەرەکیەکان بۆ لەباربردنی بزوتنەوەی نەتەویی لە وێستگە گرنگەکانی مێژووی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دەستپێدەکات، بەتایبەتی حکومەتی کوردستان لەسەردەمی شێخ مەحمود و کۆماری کوردستان و شۆڕشی ئەیلول یادەوەریەکانی لەسەر ئەم ماوە مێژووییانە نمونەی ناوازەن و جیاواز لە یادەوەری دەستەبژێری سیاسی مێژوومان بۆ وێنا دەکات، کە فرەڕەهەندی و جۆراو جۆری نوسراوە مێژوویەکانی تێڕوانینی نوێمان بۆ مێژوو پێدەبەخشێت.

یادەوەری کۆمەڵایەتی بەشێک لە یادگەی مەنگوڕی داگیر دەکات و ژینگەی کۆمەڵایەتی وەک هۆکارێک بۆ زەمینەسازی ژینگەی مێژووی سیاسی دەخاتە ڕوو، بە پەسنکردنی ژیانی خەڵکی ئاسایی لەو سەردەمە مێژووییانەی تێیدا ژیاوە بە یادەوەری ئازار بەخش وێنەیەکی مێژووی سەردەمەکەمان بۆ دەکێشێت هەر لە خستنەڕووی ژینگەی کلتوری و کۆمەڵایەتی (قەڵادزێ) و بەراوردکرنی بە شاری کۆیە بەڕستەیەک ئەو گوزارشتە پڕ مانایە دەکات و دەڵێت "کە پێم نایە ناو شاری کۆیە سەرم سوڕما چونگە شاری وا گەورەم نەدیبوو، کۆیە بەنسبەت قەڵادزێوە نیمچە لاهورێک بوو" (مەنگوڕی، بەسەرهاتی...، ٢٠٠٩: ل٤٠) لێرەدا لە ڕێگەی یادگەوە بە نەخشی ڕادەی پێشکەوتنە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی سەردەمەکە ئاشنامان دەکات، دواتر چونە ناوشاری بەغداد و ڕادەی فراوانی و کلتورە فرە ڕەنگەکەی و کۆبونەوەی پێکهاتە جیاوازەکانی و دواتر پەسنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان لە سەردەمە مێژووییە جیاوازەکانی وەک ساڵانی سیەکان و چلەکانی سەدەی ڕابردوو بەتایبەتی کۆماری کوردستان و ململانێنی خێڵەکی و تاوەکو سەردەمی دوای هەرەسی شۆڕشی کورد و خراپی باروگوزەرانی خەڵک و ململانێی چینایەتی و زوڵمی شێخ و ئاغ و دەرەبەگەکان و دۆخی پەروەردە و خێزان و خوێندن و تەندروستی و ئابووری بەدەیان گوزارشتی خەمناک نەخشەی مێژووی کۆمەڵیەتیمان لە ڕێگەی یادگەوە بۆ کۆگا دەکات، وەک لە باسی بەیەوەچونی کاروبارە کۆمەڵیەتیەکانی وەک پێکهێنانی پرۆسەی خێزاندا لەساڵانی سی و چلەکانی سەدەی رابردوو دەگێڕێتەوە "لەو چەرخەدا ژنهێنان زۆر گرنگ بوو، هەر کوڕی دەوڵەمەند دەیتوانی ژن بێنێت، لەبەر شیربای و کچ فرۆشتن کوڕی هەژار ژنی بۆنەدەهات و کچی پیاوی هەژار هەرزوو دەوڵەمەندەکان دەیانکڕی، لە لادێکانیش ژن بەژنە نەبوایە ژن نەئەخوازرا، کوڕوکچی بێپشکە گورگ هەر ئەبوا بمێنێتەوە یان ڕەدوان بکەوێ" (مەنگوڕی، ٢٠٠٨: ل٢١١).

**١–٣: تایبەتمەندیەکانی نووسینی یادەوەری لای مەنگوڕی**

**١.** یادەوەریەکانی تەنها تایبەت نین بە گروپێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی دیاریکراو بەڵکو گوزارشتە لە چەند سەردەمێکی مێژوویی لە خەباتی نەتەوەی کورد و لە وێستگە گرنگەکانی ژیانی سیاسی لە سەدەی ڕابردوو، بەرهەمی قۆناغێکی دیاریکراوی ژیانی مەنگوڕی نین بەڵکو بە درێژایی تەمەنی لە سنوری ئاگایی خۆیدا بەرپرسیارێتی تۆمارکردنی ڕووداوە مێژوویەکانی لە ئەستۆ گرتووە.

**٢ .** ناوەڕۆکی یادەوەریەکانی فرە ڕەهەندە گەرچی بەپلەی یەکەم سیاسین بەڵام باسکردنە لە کۆی کایەکانی ژیان و ڕوناکی خستوەتە سەر دۆخی ئاسایی خەڵک لە هەریەکێک لەو قۆناغانەدا و یادگەی هەڵگری تایبەتمەندیە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئایینی و پەروەردەیی ئابووریەکانی سەردەمەکەی بوون. بۆنمونە لە بەرهەمی (بەسەرهاتی سیاسی کورد ١٩١٤. ١٩٥٨) دا لە بەرگی یەکەمدا بەڕێزبەندی و ناونیشانی تایبەت باسی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانی کۆماری کوردستانی کوردووە و لە دامەزراوە ئابووریەکانی وەک گەنجینەی کۆمار و سەرچاوەی داهاتەکانی و هەوڵەکانی قازی

محەمەد بۆ زیادکردنی دارایی و دواتر وەزارەتی جەنگ و پێکهاتە و تایبەتمەندیە خێڵەکی و کلتوریەکانی و دەزگاکانی پاپ و بڵاوکراوە و ڕەوشی دادوەری و پەروەردە و خوێندن و تەندروستی ڕوونکردوەتەوە و وێنەیەکی گشتگیری سەردەمەکەمان بۆ دەکێشێت (مەنگوڕی، ٢٠٠٠، ل١٠٨. ١٤٨).

٣. بەشێک لە یادەوەریەکانی لەکاتی خۆیدا نەنووسیوەتەوە چەند ساڵێک پاش تێپەڕینی یادگە وەبیری هێناونەتەوە وەک (حەقائیقی بەسەرهاتی شێخ مەحمود لە پەنا ئیستقلالی کورد دا) کە ساڵی (١٩٥٢) نوسیویەتی و (بەسەرهاتی سیاسی کورد لە ساڵی ١٩١٤ هەتاوەکو ١٩٥٨) کە یادەوەریەکانێتی لەسەر کۆماری کوردستان دوای تێپەڕینی (١٢)ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوانەدا و لە ساڵی (١٩٥٨) لە دووبەرگدا نوسیویەتیەوە، بەشێکی تر لە یادەوەریەکانی لە هەمان کاتی خۆیدا نووسیوەتەوە کە لەسەر ماوەی مێژوویی شۆڕشی ئەیلولە تەنانەت ڕۆژ و کاتژمێری ڕووداوەکانی هاوپێچکردووە، لەژێر ناوی (بەسەرهاتی سیاسی کورد لەساڵی ١٩٥٨ تاوەکو ١٩٨٥) بەڵام بە شێکی زانیاریەکانی خۆی گەواهیدەری ڕاستەوخۆی ڕووداوەکان نەبوون بەڵکو لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و سەرچاوەی زارەکی خەڵک وەرگرتون، وەک دەڵێت "لە شەوی ١٩٧٤/١٢/١٣ ئێستگەی دەنگی کوردستان مەلامستەفا داوا لە دەوڵەتە ئیسلامیەکان دەکات ڕێگەنەدە کە حکومەتی بەعسی عێراق کورد کوژی بکات " (مەنگوڕی، دەستنووسی بڵاونەکراوە: ل١٤٠).

٤. یادگە ڕۆڵی لە بەخشین و وێناکردن و دروستکردنی شێوازێکی ئەدەبی بەسەر نووسینەوەی بەشێک لە یادەوەریەکانیەوە هەبووە، لە هەندێک جێگادا لە دارشتن و وەبیرهێنانەوەی زانیاریە مێژویەکادنیدا و لە پەسنی دیمەن و بارودۆخە تایبەتەکاندا لە شێوەی بەخشاندا دایرشتوە و بەشێکی دیکەی یادەوەریەکانی جگە لەوەی بەشێوەی نووسینی ئاسایی وەرگرتووە دووبارە لە شێوەی هۆنراوەدا دایرشتوەتەوە، واتە ئەدەب ئامراز و کەرەستەیەک بووە تاوەکو ئەو چرکە ساتانە وێنا بکات کە یادگەی بەشێوەیەکی هونەری کۆگایکردون و لە چوارچێوەیەکی ئەدەبدا دەربڕیون، وەک نوسینەوەی (بەسەرهاتی سیاسی کورد بە هۆنراوە (١٩١٤. ١٩٨٥)) کە تائێستا دەستنوسە و بڵاونەکراوەتەوە وەک دەڵێت:

لە یەکی مارتی حەفتا و سێدا عێراق نەوتەکەی بە ئینگلیسدا

لەگەڵ ئینگلیسدا پێکهات ڕێکەوتن عێراق تاحەدێک دەرچوو لە کەوتن (مەگوڕی، ٢٠٢٢، ل٣٨٣)

٥. یادەوەریەکانی مەنگوڕی تەنها زادەی یادگەی خۆ نین و بەڵگو بەناو ڕیشەی چەند چیرۆکی مێژووی زارەکیدا ڕۆچووە کە بەرهەمی یادگەی کۆمەڵین و چیرۆکی زارەکی دەما و دەم پێکراوی چەند قۆناغێکی مێژووبین، واتە جگە لەوەی یادگەی کۆگای ڕوودا و بەسەرهاتە مێژووییەکانی هاوسەردەمی خۆی بوون، بەشێکی یادەوەریەکانی هی قۆناغێکی مێژوویی دووری سەردەمەکەی بوون و دووبارە لە ڕێگەی یادگەوە پەی پێبردوون و وەک سەرچاوە و کەرەستەیەکی مێژووی نووسیویەتیەوە و لەپێناو بەها بەخشینەوە و سەنگینکردنی شوناسی مێژوویی و بیناکردنەوە و دروستکردنی ڕابردوویەکی شکۆدار چیرۆکی قارەمانیەتی و مێژووی بەکۆمەڵی لەناو ڕایردوویەکی پەڕاوێزخراودا ساغکردەوە، ڕۆڵی یادەوەری زارەکی لەناو ژینگەی نەریتی و کۆمەڵایەتی وەک میراتێکی کلتوری لێکدایەوە. وەک خۆی لە پێشەکی یەکێک لە چیرۆکەکاندا ئاماژەی بۆدەکات ڕووداوی ئەم چیرۆکانەڕاستەقینەن لەبەر ئەوەی کورد خۆی مێژوویی خۆی نەنووسیوە و ئەوەی نووسراوە لەلایەن مێژوونووسانی بیانیەوە بووە سەروەریەکانی یان تۆمارنەکراون یان بەناوی گەلانی ترەوە نووسراونەتەوە (مەنگوڕی، ١٩٧١، ل٧.٦)، وەک چیرۆکەکانی (فەیروزخانی پشتکۆ) (زێرینای ئامێدی) و (مهراکۆ) کە هەریەکەیان زادەی سەردەمێکی مێژووین.

٦. یەکێکیتر لە تایبەتمەندیەکانی یادگە و یادەوەریەکانی تێهەڵکێشکردنی مێژووی جیهانیە لەگەڵ مێژووی نەتەویدا و بەستنەوەی ڕووداوە مێژووییەکانە بەیەکەوە کە هاوسەردەم یان هاوشێوەی یەکتری بوون و یان کاریگەریان لەسەر پرسی

نەتەوەیی لای مەنگوڕی هەبووە یاخود بۆ ئەزمونکردن و دەرخستنی قەبارەی کێشە و پرسە نەتەوەییەکان بەراوردیکردوون، کە هەڵسەنگاندن و تەتەڵەکردنی رووداوە مێژووییەکانی کوردستانە بە ئەزمونی جیهانی تاوەکو مەزەندەی گرفتە مێژووییەکانی کورد بکات و بە نمونە جیهانیە بەرچاوەکان بەراوردیان بکات لەوێوە بۆسەر رێچکەی چارەسەرکردن ئاراستەیان بکات، وەک کاتێک باس لە قوربانیدا ن و دڵسۆزی و بەدەمەوەهاتنی خەڵکی کوردستان دەکات بۆ شۆڕشی کورد لە سەرەتای حەفتاکاندا ڕادەی ئەو هاوکاری و قوربانیدانەیان بەراورد ئەکاتەوە بە خەڵکی ئەڵمانیا و و پروسیا لەکاتی هێرشی ناپلیوندا کە چۆن ماڵ و سامانی خۆیانیان بە گەنجینەی گەلەکەیان بەخشی تاوەکو بتوانن ڕووبەڕووی دوژمن ببنەوە (مەنگوڕی، دەستنووسی بڵاونەکراوە: ل٢٢).

هۆکارەکانی نووسینەوەی یادەوەری لای مەنگوڕی زۆرن و دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خوێندەواریەی هەیبوە و خاوەنی بروانامەی شەشی سەرەتایی بووە و پێشینەیەکی مەعریفی پێبەخشیوە، لەگەڵ ئاشنایەتی بە ڕەوتی فەرهەنگی سەردەمەکەی بەتایبەتی شاری سلێمانی و بەرکەوتنی لەگەڵ ژمارەیەک لە کەسایەتیە ڕۆشنبیر و دیارەکانی شاردا و هاوکات ڕووداوەکانی دەرەوەی کوردستانیش بە ئەندازەی پێویست کاریگەریان لەسەری هەبووە خودی مەگوڕیش نیگەرانبووە بە پاشاگەردانی ڕەوتی نوسینەوەی مێژوویی لەناو کورد دا و بەوپەڕی نیگەرانیەوە لەو فەرهەنگەی ڕوانیوە کە هیچ بەهایەک بە ئاشناکردنی تاک و کۆمەڵگە بە ڕیشە مێژوویەکانی نەتەوەکەی نادات و پەییان بە گرنگی ڕابردوو لە پرسە هەنوکەییەکاندا نەبردووە.

**باسی دووەم: یادگە هۆکارێک بۆ هەڵەی مێژوویی و هەڵەی مێژووی لای مەنگوڕی**

**٢–١: هەڵەی تۆماری ڕووداوە مێژوویەکان و یادگەی مەنگوڕی**

ڕۆڵی یادەوەری و گێڕانەوەی زارەکی وەک نەریت هەندێک جار کێشە لە گەیاندنی زانیاریەکاندا دروست دەکات، کاتێک زانیاریەکان لە کەسانێکەوە دەستدەکەون کە ڕاستەخۆ ئەزمونی ڕووداوە مێژووییەکانیان کردووە و لە قۆناغێکی دواتردا پەنا بۆ زانیاریەکانی یادگە دەبات، ڕەنگە ئەو یادەوەریە لەگەڵ گۆڕانکاری و تێپەڕینی کات و بارودۆخەکاندا گۆڕانی بەسەردا هاتبێت، وەک ئەوەی کە ڕوویداوە نەتوانرێت وەبیربهێنرێتەوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر ڕەوایەتی گێڕانەوەکە و گومان لەسەر یادەوەریەکە دروست دەکات(tarwiyani,٢٠١٨: ١٩٧)، لە نووسینی توێژینەوە مێژووییەکاندا زیاتر سەرنج لەسەر بابەتی بوونی زانیاریەکانە و لە نووسینی یادەوەری مێژوویدا سەرنجی زیاتر لەسەر یادگە و زەینی مێژوونووسەکەیە(Pyndiah،٢٠١٩ : ٢)، چونکە مێژوونووس ناتوانێت لە دەرەوەی کاریگەری زەین کاری نووسینەوە مێژوو بکات و پاشخانی ژیانی کلتوری و کۆمەڵایەتیش کاریگەری لەسەر دیدگای ڕووداوە مێژووییەکان دادەنێت (١٩٧ :tarwiyani,٢٠١٨). واتە ئەگەرچی مەترسی بەردەوام لەسەر شێواندنی یادەوەری و خەیاڵکردن هەیە و کاریگەری لەسەر ئامانجی بانگەشەکردن بۆ ڕاستی ڕووداوە مێژووییەکان دروست دەکات، بەڵام مروڤ هیچ شتێکی باشتر لە یادەوەری لەبەردەستدا نیە کە ڕووداوێک لە ڕابردودا ڕویداوە و پێش ئەوەی وەک یادەوەری وەبیربهێنینەوە مێژوونوس لە ڕاگەیاندنی پەیامەکەی سەرکەوتوبکات تابتوانێت ڕۆڵی یادەوەری وەلا بنێت( Ricoeur،٧:٢٠٠٦).

مەنگوڕی وەک هەر مێژوونوسێکی تر لەکاتی پەنابردن بۆ نوسینەوەی یادەوەریەکانی یان وەرگرتنی هەر زانیاریەک لە کەسانی ترەوە توشی هەمان کێشە بوەتەوە گێڕانەوەکانی بەدەرنین لەو کەم و کورتیانە و تێپەڕینی کات و ڕووداو و بارودۆخەکان چۆنێتی وەرگرتنی زانیاریەکان ڕۆڵیان لە گەیاندن و وەبیرهێنانە و چالاکیەکانی یادگە و تۆماری یادەوەریەکانی کردووە و ڕەنگدانەوەی لەناو گێڕانەوەکانی بە شێوەیەک هەستی پێدەکرێت سەرنجی خوێنەر بۆلای خۆی کێش دەکات، چ لەو زانیاریانەی خۆی ئەزمونی کردون و ڕاستەوخۆ بەرکەوتنی لەگەڵ ڕووداوەکاندا هەبووە یان ئەو زانیاریانەی لە سەرچاوەکانی ترەوە وەریگرتون، کە بەشێکیان هەواڵی گەرمی ڕۆژ و سەردەم و قۆناغی ژیانی مەنگوڕی خۆی بوون، بەڵام

لەبەر ئەوەی خۆی لە شوێنی ڕووداوەکەدا نەبووە زانیاریەکانی لە سەرچاوەکانی هەواڵی ڕۆژ وەرگرتووە وەک ئەو گێڕانەوانەی تایبەتن بە سەردەمی شۆڕشی ئەیلول و گۆڕانیاریە عێراق و یان ئەو گێڕانەوانەی هی قۆناغ و سەردەمێکی پێشترن و لەکاتی گواستەنەوەیاندا توشی هەڵەی گێڕانەوەیی بووە چ لەو نوسراوە مێژوویانەی تایبەتن بە کورد یان ئەوانەی تایبەت بە ڕووداوەکانی عێراق و کەسایەتیە مێژوویەکانی جیهان کە لە خوارەوە ئاماژەمان پێداون، وەک لە تۆمارکردنی(ساڵ، ڕووداو، بارودۆخ، تێکەڵاوکردنی زانیاریەکان) بەرچاو دەکەون و تێپەڕین بەسەریاندا کارێکی ئاسایی نیە و ئەرکی توێژەران و پسپۆرانی ئەم بوارەیە دەستنیشانی کەم و کورتیەکانی نووسینە مێژووییەکان بکەن و ڕوونکردنەوە و ڕاستکردنەوەیان بۆبکەن و بیانخەنەوە چوارچێوەی ئاسایی خۆیان.

یەکێک لە گرنگیەکانی لێکۆڵینەوە مێژووییەکان ساغکردنەوە و بەراوردکاریە لە نێوان ڕووداوەکانی نێو یادەوەریەکان بە سەرچاوەکانی تری زانیاری کە هەریەک لەم یادەوەریانە لەگەڵ دەیان یادەوەری و سەرچاوەی مێژوویی تر پەیوەندیدارن بەهەمان سەردەمەوە، دەتوانرێت لەو ڕێگەیەوە دەست بۆ ڕاستکردنەوەی زانیاریە مێژوویەکان ببرێت. دەکرێت ئەو کەسەی یادەوەریەکانی دەنوسێتەوە توشی (درۆکردن، لایەنداری، فریودان) ببێت لەکاتی نوسیندا(علی، ٢٠٢٤: ل٤٨)، بەڵام بە تێبینیکردن لە تۆماری هەڵەی زانیاریەکانی مەنگوڕی بەدەر لەم مەبەستانە زادەی یادگەی مەنگوڕی خۆین کە دەکرێت چەند هۆکارێک ڕۆڵی تێدابینیبێت.

ئەو کەسانەی خاوەنی یادەوەری مێژووین یان هەوڵی نوسینەوەی یادەوەریە مێژووییەکانیان دەدەن زۆر جار لە قۆناغەکانی دواتری ژیانیاندا پەنا بۆ نوسینەوەی یادەوەریەکانیان دەبەن ( کوثرانی، ٢٠١٣:٣٧). مەنگوڕی بەشێکی یادەوەریەکانی لەساڵانێکی درەنگتردا نووسیوەتەوە و دەست گەیشتن بەسەرچاوەکانی زانیاری و کتێب و چاپ و بڵاوکراوەکانیش لە سەدەی ڕابردوو زۆر دژواربووە، سەرباری ئەمە لەکۆتاییەکانی تەمەنیدا بەساڵاچون و نەخۆشی بەرۆی گرتووە و بەئاشکرا لە نووسینی یادەوەریەکانی ئەو قۆناغەدا شێواوی و شپرزەیی پێوەدیارە وتەنانەت هەندێک دەستەواژەی سەیر و نامۆی بەکارهێناوە کە لەگەڵ زانیاریە مێژوویەکانی سەردەمەکەیدا یەکناگرێتەوە، بەتایبەتی کاتێک مێژووی ساڵانی هەشتاکانی نوسیوەتەوە کە لەم کاتەدا تەمەنی هەشتا ساڵیدا بووە، وەک دەڵێت "وا دەنگ بڵاوە کە مام جەلال سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردی عێراق چوبێ بۆلای خومەینی" (مەنگوڕی، ب٢: ل٢٣٧)، "ئیدریس مەلا مستەفا سەرۆکی شۆڕشی ئێران بەشی بارزانی لەو ڕۆژانەدا لە شاری (شنۆ) وەفاتی کرد" (مەنگوڕی، ب٢:٢٣٩).

**٢-٢: نمونەیەک لەو هەڵە مێژوویانەی زادەی یادگەی مەنگوڕین**

**٢-٢-١: پارتی هیوا**

کاتێک یادەوەریەکانی لەسەر (پارتی هیوا) دەنوسێتەوە باس لە دامەزراندنی (پارتی خوێنڕێژی) دەکات کە دواتر ناوەکەی گۆڕاوە بۆ (حیزبی برایەتی) و (ڕەفیق حیلمی) لەسەر پاشماوەی ئەو حیزبە (حیزبی هیوا)ی دامەزراندوە لە ساڵی (١٩٣٩). بەڵام لەسەر ئەم تۆمارە مێژوویانە سەرچاوەکان شتێکی تر دەڵێن، ئاماژە بەوەدەکەن (حیزبی هیوا) لەسەر بنەمای (کۆمەڵەی دارکەران) دروست بووە، (ڕەفیق حلمی) دامەزرێنەری حیزبەکە نەبووە، بەڵکو دوای دامەزراندنی بە ئەندام وەرگیراوە و کراوە بە سەرۆکی حیزبی هیوا. بروانە: سروە أسعد: کوردستان الجنوبیة (١٩٣٩.١٩٢٦: ل٣٨٠).

ئەو باس لە ڕۆڵی (مەلامستەفا) دەکات لە حیزبی (هیوا)دا و دەڵێت: "بەکاغەزی ژمارە ٩ لە ٩٤٥/١/٣٠ حیزبی هیوا ثقەی دا بە ملا مستەفا کە رئیسی ئەو حیزبە بێ" •مەنگوڕی، ٢٠٠١:٣٥)، لە کتێبی( بەسەرهاتی کورد و کوردستان لە هاتنی ئیسلامەوە تاساڵی ١٩٧١)دا ئەمەی دوپاتکردوەتەوە لەکاتێکدا کتێبی یەکەمی نزیکەی (١٣) ساڵ پێش کتێبی دووەمی نوسیوە و دەڵێت: "مەلا مستەفای بارزان لە (١٩٤٥/١/٣٠)دا کرا بە سەرۆکی پارتی هیوا"(مەنگوڕی، ٢٠٠٨:

ل١١٩)، بەڵام هیچکام لە سەرچاوە مێژووییەکانی ئەو قۆناغە و تەنانەت دوای ئەویش ئاماژەیان بەم زانیاریە نەکردووە کە (مەلا مستەفا) کرابێت بە سەرۆکی ئەو حیزبە و (مکرم تاڵەبانی) ئاماژە دەکات بەوەی (مەلا مستەفا) هەرچەندە لە حیزبی هیوا دا دووره پەرێز نەبووە، بەڵام ئەندامی ئەو حیزبە نەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا حیزب پشتیوانی راپەرین و چالاکیە سەربازیەکانی کردووە و هاوکاری گەڕانەوەی بوون لە ساڵی (١٩٤٣) کاتێک لە سلێمانی دەست بەسەربووە (الطالبانی، ٧٠.٢٠٠٣:٦٩)، تەنانەت باس لەوە دەکرێت (مەلا مستەفا) لە پەیوەندی لەگەڵ حیزبی هیوادا بەپارێز بووە و لە سەرەتادا رێگری لە کردنەوەی لقی حیزبەکە لە بارزاندا کردووە، تاوەکو ساڵی (١٩٤٤)یش، بەشێک لە سەرانی پارتی هیوا مەلا مستەفایان وەک شێخێکی کۆنەپەرست زانیوە، تەنانەت هۆکاری پشتگیری حیزبەکەش کاتی بووە و تاوەکو جێگرەوەیەکی بۆ دەدۆزرێتەوە پێویستە پشتیوانی لێبکرێت (کۆچێرا، ٤٦.٢٠٠٩:٤٥)، لەسەر بنەمای ئەم زانیاریانە و چەندین سەرچاوەی تر کە باسیان لە وردەکاریەکانی ئەو قۆناغە مێژوویە کردووە، وەک کتێبی (الحركة الكردية في العصر الحديث . جليل جليل و أخرون) و (كردستان الجنوبية . سروه اسعد صابر) و (جوڵانەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان . عزیزی شەمزینی) زانیاریەکانی مەنگوری بنەمایەکی زانستیان نیە، حیزبی هیوا لە سەرەتاکانی ساڵی (١٩٤٤) بەرەو هەڵوەشانەوە چووە و ئەندامانی پەرتەوازەبوون.

**٢-٢-٢: کۆماری کوردستان**

لەناو ئەو زانیاریانەی لەبارەی ماوەی مێژوویی کۆماری کوردستانەوە تۆماریکردون، لەبارەی رێبەر و کەسایەتیەکانیەوە دەدوێت و باس لەوە دەکات (قازی محەمەد) و (سەدری قازی) برا بوون لە (٢١/مارتی/١٩٤٧) لەسێدارە دران، (حەمە حسێن خانی سەیفی قازی) برازای (قازی محەمەد) بووە و لە لاپەرەیەکی دیکەی هەمان سەرچاوەدا ئەم زانیاریانەی دوبارە کردوەتەوە (مەنگوری، ٣١٠:٢٠٢٠، ٣٢٠)، لەکاتێکدا ئەو زانیاریانە دروست نین و ئەو رێکەوتە(٣١/ ئاداری/ ١٩٤٧) و (حەمە حسێن خانی سەیفی قازی) ئامۆزای (قازی محەمەد)ە نەک برازای(سوڵتانی، قازی: ٢٠٠٨:٥٦).

لە کتێبی (بەسەرهاتی سیایی کورد١٩١٤. ١٩٥٨، ب١)دا لە (ل٣٦)دا باس لە کۆبونەوەی (سێ سنور) کە لە (داڵانپەڕ) ئەنجامدراوە دەکات، بە کۆبونەوەی (سێ قوڵی) ناوی دەهێنێت، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە لەو کۆبونەوەیەدا ناوی کۆمەڵەی(ژ.ک) و حیزبی (هیوا) گۆڕاوە بۆ (حیزبی دیموکراتی کوردستان)، لەکاتێکدا ئەم گۆڕانکاریە لە دوای گەڕانەوەی دووەم گەشتی نوێنەرانی کورد بۆ باکۆ لە ساڵی (١٩٤٥) بەسەرۆکایەتی قازی محەمەد ئەو بڕیارە بە ئەنجام گەیشتووە، بەدیاریکراویش لە (١٩٤٥/١٠/٢٤) ناوی کۆمەڵەکە بەرەسمی بووە بە (حیزبی دیموکراتی کوردستان)، ئەم گۆڕانکاریەش لەسەر داوای روسەکان و لەسەر پێشنیاری (میر جعفر باقروف) سکرتێری حیزبی کۆمونیست و سەرۆک کۆماری ئازەربایجان بووە(گەوهەری، ١١٧.٢٠٠١:١١٣)، لە کۆبونەوەی (سێ سنور)یشدا هیچ بڕیارێک لەسەر گۆڕینی ناوی کۆمەڵەی (ژ.ک) و حیزبی (هیوا) نەدراوە. بۆ زیاتر بڕوانە(هەژار: چێشتی مجێور:٥٨.٥٧).

هەرلەم لاپەڕیەدا باس لەوەرگرتنی قازی محەمەد و سوێندخواردنی وەک ئەندامی (حیزبی دیموکراتی کوردستان) دەکات، لە ماڵی یەکێک لە ئەندامانی ئەم حیزبە بەناوی (ئەحمەدی ئیلاهی)، لەکاتێکدا قازی محەمەد وەک ئەندامی کۆمەڵەی (ژ.ک) سوێندی یاسای خواردووە لەماڵی ئەو ئەندامەی کۆمەڵەکە نەک وەک ئەندامی (حیزبی دیموکرات) (ئەمین، ٢٠٠٧:٨٠). هەر لێرەدا کاروچالاکیەکانی حیزبی تودە و فیرقەی دیموراتی ئازەربایجانی تێکەڵ کردووە، باس لە پەلاماردانی هێزەکانی ئێران لە ئازربایجان لەلایەن حیزبی تودەوە دەکات(ل٣٧)، لەکاتێکدایە ئەم چالاکیانە لەلایەن فرقەی دیموکراتی ئازەربایجانەوە تۆمارکاون نەک حیزبی تودە(گەوهەری، ١٣٥.٢٠٠٤:١٣١).

لەم بەرهەمەدا باس لە چاپ و بڵاوكراوەكانی كۆماری كوردستان دەكات، دەڵێت پێش دروستبونی (حزبی دیموكرات) گۆڤاری (نیشتمان) لە لایەن چەند گەنجێكەوە لە سابڵاغ مانگی جارێک دەرچووە، بەرگەكەی وێنەی (سەلاحەدینی ئەیوبی) لەسەر بووە، هەر لێرەدا ئەوەی نوسیوە دواتر ئەم گۆڤارە بەهۆی چاپخانەیەكەوە لە كە لەلایەن(زەبیحی، و هێمن، هەژار، قزڵچی)ەوە پەیداكرابوو چاپ دەكرا، تەنانەت باس لەوەش دەكات زەبیحی و هێمن لەسەر ئەم گۆڤارە (٦)مانگ لە تاران بەند كراون(ل١١٩)، لێرەدا گۆڤاری نیشتیمان و ڕۆژنامەی كوردستانی زمانحاڵی كۆماری كوردستانی تێكەڵكردووە، هیچ ئاماژە بەوە نەداوە ئەم گۆڤارە زمانحاڵی كۆمەڵەی(ژ.ک)بووە، گۆڤاری نیشتمان مانگی جارێک دەرنەچووە، ژمارەی یەكەم و دووەمی وێنەی سەلاحەدینی لەسەر نەبووە. بڕوانە هەریەک لە( گۆڤاری نیشتمان . جەمال نەبەز، عەلی كەریمی . نیشتیمان بڵاوكراوەی بیری كۆمەڵەی ژ.ک)، تەنانەت هێمن لەسەر ئەم بابەتە هیچ كات نەگیراوە، بەڵكو هەریەک لە (زەبیحی، دڵشاد ڕسوڵی، قاسمی قادری)بوون كە لە گوندی (كۆكیا) لەناوچەی باڵانیش نزیكەی (٩)مانگ لە ساڵی (١٣٢٣)هەتاوی كە دەكاتە هاوینی (١٩٤٥) لە ورمێ گیران (كەریمی، ٢٠٠٥:١٠٣).

ئەو باس لە ڕووداوی هەڵكوتانە سەر شارەبانی شاری مهاباد لەلایەن خەڵكەوە دەكات، كە نوسیویەتی ئەم ڕووداوە لە كۆتایەكانی مانگی (ئازەری١٣٣٤) بووە و پێنج كەس لە پاسەوانانی شارەبانی كوژراون لەو ڕووداوەدا (ل٧٢)، بەڵام ئەو ڕووداوە (١٠)مانگ پێش ئەم ڕێكەوتە ڕوویداوە، واتە لە (١٣٣٤/١١/٢٦)هەتاوی كە دەكاتە (١٩٤٥/٢/١٥)، لە (ل٣٧)دا جارێكی تر باسی ئەم ڕووداوەی كردوەتەوە بەڵام ژمارەی كوژراوانی بە حەوت كەس نوسیوە كە لە ڕاستیدا پێنج كەس لە ڕووداوەكەدا كوژراون (گەوهەری، هەمان سەرچاوە:١١٠).

**٢-٢-٣: شۆڕشی ئەیلول**

لە بەرهەمی (بەسەرهاتی سیاسی كورد لە ساڵی ١٩٥٨ هەتاوەكو ١٩٨٥) كە یاداشتەكانیەتی لە سەر شۆڕشی ئەیلول و لە دوو بەرگدا نوسیویەتەوە، لە لاپەڕە (١٩) بەرگی یەكەمی ئەم بەرهەمەدا باس لە ڕۆژی گەڕانەوەی (مەلا مستەفا) دەكات لە یەكێتی سۆڤیەت، كە لە (٥/ تشرینی یەكەمی/١٩٥٨) گەیشتوەتەوە عێراق، بەڵام ڕووداوی گەڕانەوەكە لە (٦/تشرین)دا بووە و دواتر لە لاپەڕە(٢٠)ی هەمان بەرهەمدا باس لە نیشتەجێبونی (مەلا مستەفا) دەكات لەدوای گەڕانەوەی لە یەكێتی سۆڤیەت لە شاری بەغداد كە لە خانوی (صەلاحی كوڕی نوری سعید)دا نیشتەجێكراوە بەڵام ئەو كوڕەی نوری سعید ناوی (صباح) بووە نەک ئەوەی مەنگوڕی ئاماژەی پێداوە(هەمان سەرچاوە:٢٠٨، ٢٠٩).

باس لەو كۆبونەوەی ژمارەیەک لە سەرۆک خێڵ و كەسایەتی عەشایەری و حیزبی كورد دەكات لە (١٩/ئابی /١٩٦١) لەگەڵ پارێزگاری سلێمانی ئەوكات (عبدالهادی سالح مختار)، ناوی (مام جەلال)ی وەک یەكێک لە بەشداربوە حیزبیەكانی كۆبونەوەكە هێناوە، بەڵام ئەو كەسایەتیە (عومەر دەبابە)بووە نەک (مام جەلال)(بارزانی، ٢٠٠٤:٣٦)، ڕێكەتی كۆبونەوەكەشی بەهەڵە نوسیوە، ئەم بۆبونەوەیە لە(١٩٦١/٩/٣) بەئەنجام گەیشتوە.

لە لاپەڕە(٦٧) هەمان بەرهەمدا باس لە وەفدی كوردی ساڵی (١٩٦٣) بەسەرۆكایەتی (مام جەلال) دەكات بۆ مەبەستی دانوستان چونە بەغداد و لەوێ دەستبەسەر كران، ناوی ئەندامانی وەفدەكەی هێناوە و لەناویاندا كەسایەتیەكی بەناوی(شاخەوان) بۆ ئەو ناوانە زیاد كردووە كە ئەندامی وەفدەكە نەبووە و (بابكر مەحمود ئاغای پشدەری) كە ئەندامی وەفدەكە بووە ناوی نەهێناوەكە ئەندامانی بریتیبوون لە (ساڵح یوسفی، شێخ حسێنی خانەقا، بابكر مەحمود ئاغای پشدەری، مەسعود محەمەد، عەگید صدیق ئامێدی)(شمیدت، ٢٠٠٨:٤٤٣). هەر لە لاپەڕە(٧٢) كاتێک ناوی ئەندامانی لیژنەی ناوەندی پارتی دیموكراتی كوردستان هێناوە، ناوی (عبدرەحمانی زەبیحی) بە (مەلا عەبدولا زەبیحی) هێناوە، لە لاپەڕە (٨٥)

دا کاتێک باس لە ئەندامە دەرکراوەکانی کۆنگرەی پارتی  لە قەڵادزە دەکات، دیسانەوە ناوی زەبیحی بە (عیسا زەبیخی) تۆمار کردووە.

**٢-٢-٤: مێژووی عێراق**

مەنگوڕی لە کتێبی (بەسەرهاتی سیاسی کورد ١٩٥٨.١٩٨٥، ب١) کاتێک باس لە ڕووداوەکانی شۆڕشی (١٤تموز١٩٥٨)ی عێراق دەکات، ئاماژە بەوە دەکات (عبدوکریم قاسم) لیوای (٢٠) سوپای عێراقی خستوەتە چالاکی و جوڵەپێکردنەوە(ل١٠)، لەکاتێکدا ئەوە لیوای(١٩) بووە بەشداری ئەو چالاکیەی پێکراوە لەلایەن (عبدکریم قاسم)ەوە نەک لیوای (٢٠) کە لە ڕووداوی ئەو ڕۆژەدا بەشداری پێنەکراوە (الحسینی، ٢٠١٨:١٠٩)، (العانی وأخرون، ٢٠٠٠: ١٤)، لەهەمان لاپەڕەدا ناوی ئەندامانی (مجلیس السیادة) کە لە هەمان ڕۆژی ڕوخاندنی حکومی پاشایی لە عێراق لە(١٤تموز١٩٥٨) پێکهات بردوە، کە هەریەکە لە (نجیب الربیعی، خالید نەقشبەندی، ابراهیم کبە) بوون(ل١٠)، لەکاتێکدا (نجیب الربیعی) سەرۆکی (مجلیس السیادة) و هەم ئەندام بووە (ابراهیم کبة) ئەندامی ئەم ئەنجومەنە نەبووە بەڵکو ئەو کەسایەتیە (محمد مهدی کبة) بووە کە لەو ڕۆژەدا بووە بە ئەندامی ئەم ئەنجومەنە(الحسینی، ٢٠١٨، ل١٧٣)، هەر لە هەمان لەپەڕەدا باس لە پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیران دەکات کە کەسایەتیەکی کوردی وەک (بابە علی حەفیدزادە)یان وەک وەزیری دارایی دەستنیشان کردووە، لەکاتێکدا ئەم کەسایەتیە کوردە وەزیری (للموصلات وأشغال)بووە نەک وەزیری دارایی(العانی، ٢٠٠٠:٥٧).

لە (ل٢١) هەمان بەرهەمدا باس لە ڕووداوی کودەتای (عبدالوهاب شەواف)ی کردووە لە شاری موصڵ، کە ڕووداوەکە لە (٩/کانونی یەکەمی ١٩٥٩)ڕوویداوە، لە تۆمارکردنی ئەم ڕێکەوتەش بەهەمان شێوە بەهەڵەدا چووە، بزوتنەوەی(شەواف) لە شەوی (٧/٨/ أدار/١٩٥٩) لە موسڵ ڕوویداوە(العلی، ١٩٨٧، ل٦٤)، هەر لەم لاپەڕەیەدا باس لە شەڕ و هەرای شیوعیەکان و خەڵکی موسڵ دەکات لە (١/ایار/١٩٥٩) ڕوویداوە و یەکێک لە کەسایەتیەکانی ئەو سەردەمە بەناوی(کامل قازانجی) لەم هەرایەدا کوژراوە، بەڵام ئەم کەسایەتیە( کامل قزانجی) لە کودەتای (شەواف)دا لە شاری موسڵ لە (١٩٥٩/٣/٩) کوژراوە( العالی: ٨٤).

لە (ل٢٢)دا باسی لە هەوڵی کوشتنی (عبدالکەریم قاسم) کردووە لە (٨/تشرینی یەکەمی١٩٥٩)، بە هەمان شێوە ئەم ڕووداوەش ڕۆژێک دوای ئەم ڕێکەوتە بووە مەنگوڕی تۆماریکردووە واتە لە (٧)مانگدا ڕوویداوە(احمد، حمیدی، ل٢١٤)، هەر لەم لاپەڕەیەدا باس لە باڵادەستی هێزەکانی (حرس القومی) دەکات لەو ڕۆژگارەدا لەژێر هەژمونی شیوعیەکاندا بوون، لێرەدا بە هەڵە ناوی ئەم هێزەی نوسیوە کە ناوی(المقاومة الشعبی) بووە(دان، ٢٠١٢:٢٤٠).

هەر لەلاپەڕە (٣٥)دا لە بانگەشەیەکی (مەلا مستەفا) ئەدوێت لەسەر گەیاندنی ماف و داواکاریەکانی گەلی کورد بەئامادەبونی کۆمەڵێک لە بەرپرسانی حکومەتی عێراقی لە ساڵی(١٩٦٢) یەکێک لەوانە (قائیدی فرقەی دوو) لە کەرکوک بووە، لێرەدا ناوی (ابراهیم انصاری) هێناوە، بەڵام قائیدی فرقەی دوو لەوکاتەدا ناوی (محمود عبدالرزاق) بووە نەک ئەو ناوەی مەنگوڕی هێناویەتی(البوتانی، ٢٠٠١:١٤٠).

کاتێک لەلاپەڕە(٥٤) باس لە کودەتای ساڵی (١٩٦٣)ی عێراق بەسەرۆکایەتی (عبدالسلام عارف) و کوژرانی (عبالکریم قاسم) و ژمارەیەک بەرپرسی تری ئەوکاتی عێراق دەکات کە لێرەدا بەروارەکەی بە (١٩٦٣/٢/٨)نوسیوە، لێرەدا ناوی هەندێک کەسایەتی ئەهێنێت کە لەم ڕووداوەدا لەگەڵ (عبدالکریم قاسم)دا کوژراون دەڵێت هەریەک لە(عباس مهداوی، وصفی طاهیر، احمد شیخ طە، ماجد محمد امین، داود سلێمان جنابی) بوون، بەڵام ڕێکەوتی ئەو ڕووداوە(١٩٦٣/٢/٩) بووە نەک ئەوەی مەنگوڕی نوسیویەتی، ناوی سەرۆکی دادگای سەربازی(فاضل عباس مهداوی)

بەهەڵە بردووە، ناوی (طه شیخ احمد)ی بەپێچەوانەوە نوسیوە و ئەو ناوانەی دیکەش لەگەڵ (عبدالكريم قاسم)دا نەکوژراون، جگە لە (فاضل مهداوی) و (طه شیخ احمد) کەسایەتیەکی دیکە بەناوی (كنعان خليل) لەم ڕۆژەدا لەگەڵ قاسم داکوژراوە(الحميدی وأخرون، ٢٠٠٢:٣٣).

کاتێک ڕووداوەکانی ڕۆژانی کودەتای ساڵی (١٩٦٦) دەگێڕێتەوە باس لە مەراسیمی بەڕێکردن و ناشتنی تەرمی (عبدالسلام عارف) دەکات کە لەدوای کوژرانی بەرەو مزگەوتی(أم الطبول) بەڕێکراوە و لەوێ بەخاک سپێردراوە (ل١٣٩)، بەڵام تەرمی ئەم کەسایەتیە لە (١٩٦٦/٤/١٦) لە مزگەوتێک بەناوی(الشيخ ضاری) لە ئەبوغرێب بەخاک سپێردراوە (الفوزی، ١٩٨٩:١٦٥.١٦٦).

**٢-٢-٥: مێژووی جیهان.**

لەبارەی یەکێک لە کەسایەتیە ناودارەکانی نێو مێژووی مرۆڤایەتیەوە کە (كليو پاترا)یە ئەوەی تۆمارکردوە کە ئەم شاژنە لە ساڵی (٣٠پ.ز) هاوسەرگیری لەگەڵ(یولیوس قەیسەر)ی ڕۆمدا کردووە(مەنگوڕی، ٢٠٢٠، ل٢٧٩)، بەڵام ئەم هاوسەرگیریە لە ساڵی (٤٨پ.ز) ئەنجامدراوە، (١٤)ساڵ پێش ئەم ڕێکەوتە قەیسەر لەژیاندا نەماوە و واتە ساڵی (٤٤پ.ز) کۆچی دوای کردووە(تلوعی، ٢٠٠٥:٢٦.٢٧).

لە دیوانی بەهەشتی دڵداریدا باس لە مردنی (هیتلەر) و خۆشەویستەکەی دەکات بەناوی (پۆلیفا براون) (مەنگوڕی، ٢٠٢٠:١٢٠)، لە کتێبی بەسەرهات و چیرۆک و گێڕانەوەدا لە (ل٢٧٥)دا (پۆلیڤا براون)ی وەک خۆشەویستی (مۆسۆلینی) ناساندوە و ساڵی مردنی (مۆسۆلینی بە (١٩٤٤) نوسیوە، هەر لە دیوانی بەهەشتی دڵداریدا ئەو ساڵەی بە(١٩٤٠) تۆمارکردووە (ل٤٩). لەکاتێکدا (پولیفا براون) خوشەویستی هیتلەر بووە(هتلر، ١٩٩٥، ل٣٧٧) خۆشەویستەکەی (مۆسولینی) ناوی (كلاريتا بيتاشى)بووە، ئەو دوو ڕێکەوتەی بۆ مردنی مۆسۆلینی نوسیونی هەڵەن و ئەو کەسایەتیە لە (٢٨/ابريل/١٩٤٥) مردووە(دی لونا، ١٩٩٧:١٥٥).

لە کتێبی (فەرۆزخانی پشکۆ)دا باس لە هێرشی (جەنگیزخان) دەکات بۆ سەر کرماشان لە ساڵی (١٢٥٧ز)، لە هەمان کتێبدا باس لەوە دەکات جەنگیز خان لە ساڵی (١٣٤٥ز) بەشێکی ئاسیا و ئەوروپای داگیر کردووە (مەنگوڕی: ٢٠٢٠:٨٦، ٢٧٨)، لە یەکێک لە دیوانە شعریەکانیدا باس لە کۆچی دوای جەنگیز خان دەکات لە ساڵی (١٣٣٦ز) (مەنگوڕی، ٢٠٢٠:٧٠)، لەکاتێکدا جەنگیز خان بەپێی ئاماژەی سەرچاوەکان لە ساڵی (١٢٢٧ز) کۆچی دوایکردووە (الصياد ١٩٨٠:٣٩، ١٣٨)، لە هەمان پەڕەی ئەم دیوانە شعریەدا ساڵی مردنی (هۆلاکۆ) بە (١٤٠٤) تۆمارکردوە، لەکاتێکدا ئەم ڕێکەوتە لەگەڵ ساڵی مردنەکەیدا (١٣٩) ساڵ جیاوازیان هەیە کە دەکاتە ساڵی (١٢٦٥ز) (الصياد، ١٩٨٠، ل٣٢٤).

کاتێک ڕێکەوتی کۆچی دوای (مەهاتما گاندی(١٨٦٩. ١٩٤٨ز)) تۆمار دەکات دەڵێت (گاندی) لە ساڵی (١٩٤٧) کۆچی دوای کردووە لە (ل٢٧٥) کتێبی (چیرۆک، بەسەرهات، گێڕانەوە)دا هەمان زانیاری (ل٦٨) کتێبی (بەهەشتی دڵداریدا) نوسیوتەوە، لەکاتێکدا (گاندی) لە (٣٠/يناير/ ١٩٤٨) کۆچی دوایکردووە (یوسف، ٢٠٠٨:١١٨)، لە هەمان پەڕەی کتێبی (چیرۆک،....) ڕێکەوتی مردنی ( فلادیمێر لینین)ی وەک خۆی تۆمار نەکردووە، بەڵکو سێ ساڵ لەگەڵ ساڵی مردنەکەیدا جیاوازیان هەیە و ئەو مردنەکەی بە ساڵی (١٩٢١) ئاماژە پێکردووە، لەکاتێکدا (لینین) لە ساڵی (١٩٢٤) مردووە ( اوبيتشكين، ١٩٩٦،ص٢٥٦)، لە (ل٢٧٧) لەهەمان کتێبدا ئاماژە بەوە دەکات (بسمارک) لە ساڵی (١٨١٤) بەشداری جەنگی لە دژی ناپلیۆن کردووە ، لەکاتێکدا (بسمارک) لەم کاتەدا لە ژیاندا نەبووە و ساڵێک دوای

ئەم ڕێکەوتە هاتوەتە دونیاوە (لودفیغ، ٢٠١٧:٢٥)، لە (ل٢٢) لە کتێبی (بەسەرهاتی سیاسی کورد، بەرگی دووەم) دا ستایشی گەلی (پروسی . ئەڵمانی) دەکات لە پای ئەو ئازایەتیەی لە بەرانبەر هێرشەکانی (ناپلیون) نواندویانە لە جەنگی (واترلو) لە ساڵی (١٧٨٠)، لەکاتێکدا ئەگەر مەبەستی سەردەمی (ناپلیونی گەورە) بێت ئەوا ئەو لەم ساڵەدا ڕۆڵی سیاسی لە گۆڕەپانی ڕووداوەکانی ئەوکاتەدا نەبووە، بەڵکو دەرکەوتنی وەک کەسایەکی سیاسی لەدوای ساڵی (١٧٩٩) بووە، جەنگی (واترلو) لە ساڵی (١٨١٥)دا ڕوویداوە، ئەگەر مەبەستی سەردەمی دروستکردنی (یەکێتی ئەڵمانیا) بێت ئەو ڕووداوە ساڵی (١٨٧١) بووە، نەک ساڵی(١٧٨٠) (نوار، نعنعی: ٢٠١٤:ل١٣٦، ٢٩٠).

لە کۆتایدا ئەگەر یادگە لەلای کەسایەتیە سیاسی و کۆمەڵایەتی و بەرپرسەکان لە نوسینەوە و تۆمارکردنی ڕووداوە مێژووییەکانی سەردەم و قۆناغێکی مێژوویی تایبەت بە بنەماڵەیەکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی و ئایینی یان شۆڕش و بزوتنەوە و ڕووداوێکی دیاری تایبەت بەنەتەوەیەک بێت، ئەوا نوسینەوەی یادەوەریە مێژووییەکانی مەنگوڕی فراوانتر لەمە چەند قۆناغێکی گرنگ و پڕ گۆڕانکاری لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی و ڕەوشی ئایینی و کۆمەڵایەتی گرتوەتەوە و هاوکات لەگەڵ کەم و کورتی بەرهەمەکانی کە سەرنج لەسەر شێواوی یادگەی لە تۆماری هەندێک زانیاری لای مەنگوڕی دادەنێت بەڵام لە پڕکردنەوەی بۆشایی و کەلێنە مێژووییەکان و ڕوناکی خستنە سەر چەندین گۆشەی نەبینراوی ڕووداوەکانی ئەو قۆناغە مێژوویانە بایەخی گەورەی هەیە.

**ئەنجام**

١. یادەوەری مێژوویی وەک مادەیەکی خام و کەرەستەیەکی سەرەتایی بایەخێکی گرنگ و بنەڕەتی لە پرۆسەی نوسینەوەی مێژوویدا هەیە و بەشدارە لە ڕووناکی خستنەسەر دەیان گۆشەی نەبینراوی قۆناغە گرنگەکانی مێژووی مێژووی مرۆڤایەتی و پەی بردن بەو چرکە ساتانەی کە ئاشکراکردنیان ڕۆڵێکی گرنگ لە گۆڕانکاری و ڕاستکردنەوەی ڕاستییە مێژووییەکاندا دەگێڕێت کە مێژوو نوسان نەیانبینیون و تۆمارکردنیان بارچاوڕونی مێژوویی دەبەخشێت.

٢ . یادەوەری مێژوویی لای مەنگوڕی ڕێبەری ئاشکراکردنی دەیان زانیاری نەبیستراو دەکات و پەردە لەسەر چەندان نهێنی لادەدات کە لە نوسینەوەی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی گەلی کورد دا بایەخدارن، لەبەرئەوەی پەی بردن بە گرنگی و مەعریفەی مێژوویی و پرۆسەی نوسینەوەی مێژوویی لای گەلی کورد لەڕابردودا سست بووە و نەتوانراوە سەرنج بخرێتە سەر تەواوی لایەنەکانی ڕووداو و کارەساتە مێژووییەکان بەتایبەتی لەسەدەی ڕابردوو.

٣ . یادگە بۆ مەنگوڕی سەرباری لایەنە ئەرێنیەکانی ڕۆڵی لە شێواندان و تێکەڵ کردنی هەندێک زانیاری مێژووییدا بینیوە و سەرنجی لەسەر ڕاستییە مێژووییەکان بە لاڕێدا بردووە ئەمەش گومان لەسەر کەسایەتی مێژوونوسەکە و بەشێک لە بەرهەمەکانی دادەنێت.

٤ . شێواوی لە تۆماری یادەوەریەکانی مەنگوڕی تەنها تایبەت نیە بە سەردەم و قۆناغێکی دیاریکراو، بەڵگو لە نوسینەوەی مێژووی سەردەمی خۆی و پێش خۆی لە گەیاندنی هەندێک زانیاریدا ورد نەبووە لە دڵنیایی وەرگرتن لەسەرچاوە مێژووییەکان و بەڵکو زیاتر پشتی بەیادگەی خۆی بەستوە.

**لیستی سەرچاوەکان**

**یەکەم: دەست نوسەکان:**


١. میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی سیاسی کورد ١٩٥٨هەتاوەکو١٩٨٥،ب٢، دەسنووس، پارێزراو لای بنەماڵەی مەنگوڕی.


**دووەم:نامەی زانستی:**


٢. علی، عادل صدیق، یاداشت نوسین لە باشوری کوردستان و ڕۆڵی لە نوسینەوەی مێژووی کورد دا ١٩٩١.١٩٠٠، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانە زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٤.


**سێیەم:کتێب بەزمانی کوردی:**


٣. بارزانی، مەسعود، ٢٠٠٤، بارزانی و بزتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ب٣، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
٤. بورکای، کەمال، ٢٠٠٨، کورد و کوردستان، و: عەلی فەتحی، چ١، چاپخانەی منارە، هەولێر.
٥. سوڵتانی، قازی .ئەنوەری، حەسەن، ، ٢٠٠٨، ژیان و شێعرە کوردیەکانی سەیفولقوزاتی قازی ١٨٧٦. ١٩٤٥، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
٦. شمیدت، دانا ئادەم، ٢٠٠٨، سەفەرێک بۆناو پیاوە ئازاکانی کوردستان، و: ئەبوبکر ساڵح ئیسماعیل، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆک.
٧. کەریمی، عەلی، ٢٠٠٥، ژیان و بەسەرهاتی عبدوڕەحمانی زەبیحی، چ٢، چاپخانەی کاربین، سلێمانی.
٨. گەوهەری، حامد، ٢٠٠٤، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، چ١، دەزگای ئاراس، هەولێر.
٩. گەوهەری، حامد،٢٠٠١، کۆماری کوردستان، چ١، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
١٠. مەدەنی، حسین، ٢٠٠٩، کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، ب١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
١١. مەنگوڕی میرزا محەمەد ئەمین، ٢٠٠٩، بەسەرهاتی مەنگوڕی، چ١، چاپخانەی یاد، ب، ش، چ.
١٢. مەنگوڕی، میرزا محەمەد ئەمین، ٢٠٢٠، بەهەشتی دڵداری،چ٢، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
١٣. مەنگوڕی، میرزا محەمەد ئەمین،٢٠٠٨، جیهانێکی بە پێکەنین، چاپخانەی یاد، سلێمانی.
١٤. مەنگوڕی، میرزا، ١٩٧١، زێرینای ئامێدی، چاپخانەی غەری حدیثە، نەجەف.
١٥. مەنگوڕی، میرزا محەمەد ئەمین، ٢٠٠٠، بەسەرهاتی سیاسی کورد ١٩١٤. هەتاوەکو١٩٥٨، ب١، چ٢، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.
١٦. هەژار، ١٣٩٤، چیشتی مجێور، چ٦، کانی کتێب، سنە.
١٧. مەنگوڕی، میرزا، ٢٠٢٢، شەش کتێبی مێژوویی، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
١٨. ئەمین، نەوشیروان مستەفا، ٢٠٠٧، حکومەتی کوردستان لەگەمە سۆڤیەتدا، چ٣، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، سلێمانی.


**چوارەم: کتێب بەزمانی عەرەبی:**


١٩. اوبیتیشکین و أخرون، ١٩٩٦، لینین، موجز ترجمة حیاتة، دار التقدم موسکو، موسکو.
٢٠. یوسف، یوسف سعید، ٢٠٠٨، غاندی، المرکز العربی الحدیث، القاهرة.
٢١. لودفیغ، امیل، بسمارک حیاة مکافح، ت: عادل زیعتر، موسسة هنداوی، المملکة المتحدة.
٢٢. نوار، نعنعی . عبدالعزیز سلێمان، عبدالحمید، ٢٠١٤، تاریخ المعاصر أوروبا، دارالنهضة العربیة، بیروت.
٢٣. الصاوی، محمد الصاوی، ٢٠١٢، جنکیزخان فاتح العلم، ط١، دار الطیبة للطباعة، مصر.

٢٤. عمر، عمر عبدالعزيز. الفوزى، محمد على، ١٩٩٩، دراسات فى تاريخ أوروبا الحديث و المعاصر، ط١، دار النهضه العربية، بيروت، لبنان.

٢٥. احمد، ابراهيم خليل . الحميدى، جعفر عباس، تاريخ العراق المعاصر، جامعة الموصل، وزارة التعليم العالى.

٢٦. العلى، حازم الحسن،١٩٨٧، أنتفاضه الوصل، ثورة الشواف ٧ أدار ١٩٥٩، دار العربية، بغداد.

دى لونا، جوسيبى، ١٩٩٧، موسولينى، ت: عادل دوعاش، الهيئه المصريه العامة للكتب، مصر.

٢٧. هتلر، ١٩٩٥ادولف، كفاحى، ت: لويس حاج، ط١.

٢٨. الحسينى، الجعفر، ٢٠١٨، الثورة فى العراق ١٩٦٣.١٩٥٨، ط٢، الناشر الروسم، بغداد.

٢٩. العانى، نورى عبدالحميد و أخرون، ٢٠٠٠، تاريخ الوزارات العراقيه فى العهد الجمهورى ١٩٦٨.١٩٥٨)، ج١، ط١، بيت الحكمه للنشر، بغداد.

٣٠. الفوزى، احمد، ١٩٨٩، عبدالسلام عارف و سيرتة، محاكمة، مصرعة، ط١، دار العربيه، بغداد.

٣١. حميدى، عباس الحميدى . الراوى، غازى فيصل و اخرون، ٢٠٠٢، تاريخ وزارات العراقى، ج٦، بيت الحكمه، بغداد.

**پێنجەم:سەرچاوەی ئینگلیزی:**

32. Tri tarwiyani: Memory as a source of Writing History, (ASSEHR), volume 208, (ICSSIS) 2018).
33. Gitanjali Pyndiah: Writing the history of memory,edited by Stefan Berger and Bill niven, Center of Cultural Studies, Universtiy of London, 14 April 2016
34. Paul Ricoeur: Memory, History, Forgetting, United States of American, 2006.
35. Sri Anda Handayani, Dewi Salindri, Annales School of Hstory: Its Origins, Development and contributions, Journal Of Humanities and Sosial Science, Valume 27, 8 May 2022, Universty of jember, Indonesia.

**شەشەم:گۆڤارەکان بەزمانی عەرەبی:**

٣٦. حميد الهيمة: الزاكرة بين التاريخ الأكاديمى و التأليف المدرسى، مجلة أسيناك، العدد الرابع عشر، ٢٠١٩.

٣٧. كوثرانى، وجية، الذاكرة و التاريخ من (مشوار) شفيق الحوت من يافا الى بيروت، مجلة الدراسات الفلسطنية، عدد ٩٥، ٢٠١٣.

**حەوتەم: چاوپێکەوتن**

٣٨. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عبدولرەقیب یوسف) لە رێگەی تەلەفۆنەوە، ١٢/١١، ٢٠٢١، دوشەممە، کات (١) پاش نیوەڕۆ.

**هەشتەم: سایتی ئەلکترونی:**

39. harreson, savannah, 12/11/2023, https://study.com/academy/lesson/what-is-historical-memory-biases-examples.html.